# بانگەوازێك بۆ خۆپشاندان

**دەولەتی بەریتانیا بەزۆر 15 پەنابەری دیپۆرتی شاری هەولێر کردەوە .بۆ هەڵوەشانەوەی بریاری گیرانەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی بەخۆ پیشاندانی ئیمەوە لەشاری مانچستەرو شەفیلد پەیوەست بن**

**پەنابەران ،خەڵکی ئازادی خواز**

هەروەك ئاگادارن لەدواین هەوڵەکانی وەزارەتی ناخۆی بریتانیا 15 پەنابەری کورد بە کەلەپچەو وجل وبەرگی سەربازیەوە لەپەیوەندی و ساتو سەودایەکی ئاشکرا دا بەژیان و چارەنووسی ئێمەی پەنابەرانەوە دیپۆرتی شاری هەولێر کرانەوە،وە تا ئیستا کۆمەڵێك لە پەنابەری کورد لەگرتووخانە دەست بەسەرەکاندا راگیراون وبریارە پێچەوانە بەخواستی خۆیان ئەوانیش دیپۆرت بکەنەوە.

وەرن لەگەل ئێمە لەم خۆپشاندانە نارەزایەتیانە کە فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بۆ داکۆکی لەماف وداواکاریەکانی پەنابەران بەریی خستووە بەشداربن. وەرن با لەتەواوی شارەکانی تریش بەشیوەیەکی شارستانیانە و یەکگرتووانە بەر بە سیاسەتی دیپۆرتکردنەوەی ئیجباری بگرین .
وەرن با بەخەباتی یەکگرتووی ریکخراوەیمان ئاکام و مەترسیەکانی دیپۆتکردنەوە بەرپێ بگرین، لەم رێگەیەدا دەیان رێکخراوی ئینسانی و پێشەکەوتخواز و خەڵکی ئازادی خوازی بریتانی هاوکارو پشتیوانن وە لە گەڵمانن .

شاری مانچستەر :

رۆژی : شەمە :**2005-12-17**

کاتژمیر:**1** ی نیوەرۆ

شۆین:

**PEACE GARDENS, ST PETERS SQUARE MANCHESTER**

شاری شەفیلد:

کاتژمیر:**12** نیوەرۆ

شۆین :سەنتەری شاری شەفیلد

فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لە مانچستەر

**2005-12-14**

---

بۆ زیاتر زانیاری پەیوەندی بکەن بە بورهان فەتاح بە ژمارەی(**07866 757 213 / 0161 234 2784**)